# سەبارەت بە گۆرینی ناوی خوێنكار و قوتابی بۆ فێرخواز

**عەبدوڵلا ئەحمەد گەرمكی**
**خورماتوو**
abdullagermiki@yahoo.com

وەك ئاشكرایە لەباشوری كوردستاندا بەتایبەت لەم سالآنەی دوای راپەرین كە ئیدی یەكێتی و پارتی حوكمڕانی ئەم هەرێمە دەكەن. ئەمەیان بۆ ئەوی دیكە ناوی جیاواز لەرێكخراوەكانیان دەنێن لەهەمان كاتدا هەر یەك چینە بۆ نمونە لای پارتی بە رەگزی مێ دەگوترێ ئافرەت بەلاَم لای یەكێتی بەو رەگزە دەگوترێ ژن ئیدی لەكاتێكدا نوسینێكت نوسی یان لەدەزگایەكی سەر بەو دوو حیزبە بوو ئەبێت لای یەكێتی بلێ ی ژن گەر لای پارتیش بو دەبێت بلێ ئافرەت لاوانییە ئەندامێكی ئەو رێكخراوە ژنانەی سەر بەئەوانن یەك ئەندامیان گەر سەر بە (ی.ن.ك) بلێی ئافرەت ئەگەری ئەوەهەیە هەر دەری خەن لەو رێكخراوە كە ئەوی تێدا ئەندامە ئەمە بەهەمان شێوە لای ئەو رێخراوە ئافرەتیەی كە پارتی سەر پەرشتی دەكات.

لەدوای راپەرینەوە هەر چەندە ئەو دەمە زۆر منداڵ بووم بەلاَم هەندێ دیاردە هەن كاریگەری تا رۆژگاری ئەمرۆمان هەرماوە و دەیبینم ئەوە بو شەری پەرۆی سەوز و زەرد بو ئیدی لەدەڤەری یەكێتی ئەبوایە دارو دیوار بكرایەتە سەوز لەدەڤەری پارتیش ئەبوایە بتكردایەتە زەرد ئیدی ئەمەش نەك تەنیا هەر ئەوە زۆر جار تا ئێستاش ئەو هزرە ماوە ئەبینی كەسێك كادری ئەو دوو حیزبە بێ هەر ئەو رەنگەی پێ خۆشە كە هێمای حیزبەكەیەتی. ئاسایە هەر پارتیەك ئالاَی خۆی هەبێ بەلاَم ئەمەش نایەتە ئەو مانایەی تۆ جلی بەرت تەسبیحی دەست و..تاد گەر سەر بە پارتیبیت با زەرد بێ ئەگەریش سەر بەیەكێتیت با سەوز بێت. ئێستا ئێمە لەسەدەی بیست و یەكەمدا دەژین ئیدی باوی كۆمەڵێ فكری پاشكەوت و نەماوە. تا ئێستاش هەر لەم ماوەیەدا بەرپرسی واهەیە یەكێتیە ماڵەكەی هەر لەدەر دەگای حەوشەوە تا ناو ژورەكان بۆیاخی سەوز كردوە بە هەمانشێوە بەرپرسی پارتی هەیە ماڵەكەی هەمووی بۆیاخی زەرد كردوە. من دژی ئەوە نیم هەر كەسێك ئازادە لەوەی كە ماڵ و خانوی چ رەنگێك بكات بەلاَم پێم سەیرە تا ئێستا ئینسانی وامان تێدا هەر ماوە كە جارێ هەر لەسەردەمی شەرە پەرۆ و رەنگی زەرد و سەوزدا دەژێت نەیتوانیوە خۆی لەو بیرە كۆنە رزگار بكات .

دیارە مەبەستی سەرەكی من وەك فێرخوازێك ئەوەیە سەبارەت بە ووشەی خوێندكارو قوتابی بێشك ئەو دوو وشەیە هەر بەمانایەك دێتەوە. من رای خۆم دەخەمە پاڵ ئەو كۆمەڵە فێرخوازەی ئامادەیی فیدراڵی تێكەڵ كە لەشاری كفری لەم چەند رۆژەی رابردو نارەزاییان دەر بڕیبوو بۆ ئەوەی كە ناوی خوێندكار و قوتابی بگۆرنە فێرخواز. بەراستی من ماوەیەكی زۆر درێژە بیرم لەوە كردوەتەوە هەوڵ دەم كارێكی وابكرێت. بە هۆی كۆمەڵێ هۆكارەوە ناوەكەی بگۆرێ باشە دیارە زمانی كوردی زمانێكی دەوڵەمەندە لەبەر ئەوەی ووشەی دیكەمان هەیە بۆ ئەلتەرناتیفی ئەو ووشەیە دەكرێت بۆ نمونە بە

رەگزی مێ مەڵێ ئافرەت بڵێ ژن یان بە پێچەوانەوە خۆی ئەو دوو وشەیەش گۆرانی باشترە بەلأم پێم وابێ بەدیلمان نییە بۆ ئەو ناوە بەلأم خۆ بۆ قوتابی و خوێندکار هەیمانە. ووشەی خوێندکار زیاتر دەڤەری سلێمانی ئەو ووشەیە بەکار دێنن و لەهەولێر دهۆك پتر ووشەی قوتابی بەکار دێنن دەبینی گەر کەسێکی هەولێری بهێنیتە قسە سەبارەت بەو مەسەلەیە هەر دەڵێ قوتابی بەهەمانشێوە گەر کەسێکی سلێمانی بهێنیتە قسە دەڵێ خوێندکار مەگەر تەنیا لەیەك جێگادا لەسلێمانی بڵێن قوتابی ئەویش ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی ئەو شارو ولەهەولێر هەر بەهەمانشیوە مەگەر تەنیا ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکاران بلێن خوێندکار. من بۆخۆم زۆر کەس پرسیاری لێ بکردایە تۆ چ کارێك دەکەیت بیرم دەکردەوە بڵێم خوێنکارم لاوانەیە بڵێ ئەمە سەر بە کۆمەڵەی خوێندکارانە گەر بڵێم قوتابیم لاوانەیە بڵێن سەر بە یەکێتی قوتابیانە جا هەر زۆر جار دەمگوت (تەلەبەم) بەعەربێکەی بەکەسی بەرامبەرم دەووت. وە هەمیسان گۆرینی ئەو ووشەیە بۆ فێرخواز لەبەرژەوەندی گشتیدایە چونکە ئێستا ئیدارەی سلێمانی و هەولێر یەکیان گردوەتەوە واتە حکومەتێکی یەکگرتوون وەك خۆیان دەلێن بۆ ئەوەی هەمیسان جیاوازی نەکەوێتەوە ناو قوتابیانی ئەولاو خوێندکارانی ئەم لا ئەو ناوە بە فەرمی بگۆرنە فێرخواز باشترە....